Komala Party _ Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

**راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە**

# دیداری سەرکردایەتیی کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات

له درێژەی چاوپێکەوتن و دیدارەکانی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، ٧ی بەفرانباری ١٣٨٣، رێکەوتی ٢٧ی دێسامبری ٢٠٠٤، دیدار و گفتوگۆیەك لە نێوان سەرکردایەتیی ئەو دوو حیزبەدا، بەڕێوە چوو. هەیئەتی کۆمەڵە پێکهاتوو لە بەڕێز کاك عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە و ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکانی، سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتیان کرد و لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی بەڕێز کاك مستەفای هیجری سکرتێری گشتی و بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە کۆبوونەوە و گفتوگۆیان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا بارودۆخی ئێران و کوردستان و ناوچەکە تاووتوێ کرا و هەردووك لا لەسەر لێکدانەوەی بابەتەکان کۆك بوون. هەردووك لاش بڕوای خۆیان بەوە دەربڕی کە راگۆڕینەوە و هەڵوێستی هاوبەش لەسەر کێشەکان بۆ بەهێز کردنی لایەنی کورد پێویستە و هیوایان خواست بەدوای سەرقاڵیی کۆنگرە لە هەردووك لاوە کە مەودایەکی خستبووە نێوان کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتیی ئەو دوو حیزبە، جارێکی دیکە کۆبونەوەکانی نێوانیان بە رێك و پێکی بەردەوام بێتەوە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٩ی دێسامبری ٢٠٠٤، ٩ی بەفرانباری ١٣٨٣

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138**499
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**